# محەمەد ئارگۆن،
# ئەو بیرمەند و ئیسلامناسەی بیر ناچێتەوە





عەدالەت عەبدوڵڵا



**ناسنامە**

بەر لە دوو ساڵ، لە 14ی سیبتەمبەری 2010دا، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا کە یەکێکە لە پایتەختە گەورەکانی فکر و فەلسەفە، گەورە بیرمەند و رۆشنبیری جەزائیری و عەرەب ( د.محەمەد ئارگۆن) لەپاش ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا کۆچی دوایی کرد. ئارگۆن لەساڵی 1928 لە شارۆچکەی تاوریرت لە تیزی وزو لە یەکێک لەناوچە گەورەکانی ئەمازیغییەکان هاتۆتە دونیاوە. پاشان لەگەڵ خێزانەکانی روویانکردۆتە ناوچەی عین ئەلئەربیعا ( ولایە عین تموشنت) هەر لەوێشدا خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووەو لەخوێندنی ناوەندیدا لە وەهران بووەو، خوێندنی زانکۆیی لەجەزائیر دەست پێکردووە لەکۆلێژی فەلسەفەو پاشتر لەزانکۆی سۆربۆن فەلسەفەی تەواوکرد، ئارگۆن بروانامەی دکتۆرای لە ئاداب وەرگرتووەو، لە چەندین زانکۆی جیهاندا وانەی وتۆتەوەو بایەخی زۆری بە فکری ئیسلامی داوە.

تەکفیرکردن !

ئارگۆن ئەندامی لیژنەی نیشتمانی بۆ زانستە ژیاری و تەندروستییەکان بوو لەفەرەنسا، هەروەها لەچەندین لیژنەی

دیکەدا ئەندام بوو، ئارگۆن بەبۆنەی ئەو بیروبۆچوونە زانستی و کراوەییەی کە بۆ ئیسلام و قورئان هەیبوو و بەپێی روحی سەردەم دەیگونجان و لەزۆربەی لێکۆڵینەوە مێژووناسییەکانیدا باس دەکرد، لەلایەن کۆمەڵێکی زۆر لە لایەنە ئسولییە توندرەوەکانەوە رەخنەی لێگیرا، بگرە تەنانەت بە نارەوا لەگەڵ زۆر نووسەر و توێژەر و بیرمەندی تردا تەکفیر کرا.

## بەرهەمەکانی ئارگۆن

ئارگۆن لەپاش خۆی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی بە لێکۆڵینەوەو کتێبەکانی بەجێهێشتووە، لەوانە: **ملامح الفكر الإسلامي الكلاسيكي، دراسات الفكر الإسلامي، الإسلام أمس وغدا، من اجل نقد للعقل الإسلامي، الإسلام أصالة وممارسة، الفكر الإسلامي: قراوة علمية- الإسلام: الآخلاق والسياسة- الفكر الإسلامي: نقد وإجتهاد- العلمنة والدين: الإسلام، المسيحية، الغرب- من الإجتهاد إلي نقد العقل الإسلامي- من فيصل التفرقة إلي فصل المقال: أين هو الفكر- الإسلامي المعاصر؟- الإسلام أوروبا الغرب، رهانات المعني وإرادات الهيمنة.- نزعة الأنسنة في الفكر العربي- قضايا في نقد العقل الديني. كيف نفهم الإسلام اليوم؟- الفكر الآصولي واستحالة التأصيل. نحو تاريخ آخر للفكر الإسلامي- معارك من أجل الآنسنة في السياقات الإسلامية**، لەگەڵ چەندینی تر کە هەریەکەیان بۆخۆی پێگەو جێگەی تایبەتی لەو کتێبخانەیەدا کردۆتەوەو بوونەتە سەرچاوە بۆ خوێنەرانی.

## دەنگدانەوەی لە میدیاکاندا

کۆچی دوایی ئارگۆن، دەنگدانەوەیەکی جیهانی گەورەی هەبوو. ئەم رووداوە دوای دوو ساڵ لای زۆربەی ئەوانەی خوێنەری تێکستە فکری و تێزە مەعریفییەکانی بوون لەبیری نەچۆتەوەو ناچێتەوە. ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد، زۆربەی رۆژنامە و کەناڵەکانی میدیای جیهانی و بە تایبەتیش فەرەنسی و جیهانی عەرەبی هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە، بە راپۆرت و هەواڵ و دەیان وتار لەسەر ژیاننامە و بەرهەم و خزمەتی مەعریفی و فکریی ئەم بیرمەندە گەورەیە وەستان، تەنانەت کۆچی دوایی هەردوو بیرمەندی تری ناوداری عەرەب ( د.محەمەد عابد ئەلجابری) و ( د.نەسر حامد ئەبوزەید ) کە هەر لەم ساڵدا کۆچی دواییان کرد، بە ئەندازەی ئارگۆن دەنگدانەوەی جیهانی نەبوو، نهێنیی ئەمەش تێکەڵاوبوونی ئارگۆن بوو بە دەریای مەعریفەی و زانستی رۆژئاوا و وانەکانی لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان، هەروەها کتێبە گرنگەکانی کە بە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی دەینووسین. لەگەڵ کۆچی دوایی ئارگۆن-دا چەندین بیرمەندی گەورەو نووسەری دیاری عەرەب لە بارەی ئەم ناوە گەورەی فکری عەرەبی و ئیسلامی وتاریان نووسی، ناسراوترینیان: هاشم سالح-ی بیرمەندە کە لە دیارترین وەرگێرەکانی بەرهەم و کتێبەکانی ئارگۆن بوو بۆ سەر زمانی عەرەبی. هاشم سالح لە وتارێکدا لە رۆژنامەی ( الشرق الأوسگ ) بە ناونیشانی ( کۆچکردنی بیرمەندی بنەرەتی ) دەنووسێت: بە کۆچکردنی ئارگۆن لاپەرەیەک لە ژیانی منیش سرایەوە، چونکە ناوی وەک وەرگێری بنەرەتیی کارەکانی بە ناوی ئەووە گرێدرابوو. هەروەها بیرمەند و سۆسیۆلۆگی گەورەی عەرەب د.بورهان غەلیون- یش لە لێدوانیدا بۆ رۆژنامەکان ئەوەی راگەیاند کە: محەمەد ئارگۆن بە قولی و شێلگیرانە خۆی لە پرسەکانی فکری ئاینیدا و لەبەر رۆشنایی پێدراوەکانی سەردەمیش کە ئەو تیایدا ژیا خوێندنەوەی بۆ کەلەپور و دەقەکان دەکرد، ئارگۆن لە ناودارانی فکری نوێی عەرەبی لەقەڵەم دەدرێت.. هەروەها نووسەران و بیرمەندانی تری وەک د.عەبدوڵڵا ئیبراهیم، عەباس بەیزون، و دەیان نووسەری تر لەبارەی ئەم بیرمەندەوە و بۆ کۆچیی دڵتەزێنی ئارگۆن لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا وتاریان بڵاوکردەوەو هەتا ئێستاش هەرکە باس لە ئیسلامناسێکی گەورە بکرێت ناوی ئارگۆن لە ریزی پێشەوە.

## ئارگۆن لە رۆشنبیریی کوریدا

ئارگۆن تەنانەت لە ناو رۆشنبیرانی کوردیشدا ناوێکی ناسراوە و بەرهەمەکانی سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ تێگەیشتنێکی رۆشنگەرانە و مێژووییانە لە ئاینەکان و لە ئیسلام بە تایبەتی و زانینی ئەو کەرەستە مەنهەجییە تازانەی کە بە هۆیانەوە دەشێت خوێندنەوە بۆ دەقەکان و کەلەپوری ئیسلام بکرێت. لەم رووەوە ئارگۆن کتێب و بەرهەمەکانی لە کتێبخانەی زۆر نووسەر و رۆشنبیری کورددا هەیە، بەرهەمەکانی بونەتە سەرچاوەیەکی مەعریفی بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام بە میتۆد و کەرەستەی مەعریفیی نوێ، جگە لەوەی چەندین نووسەرو وەرگێری کورد، نووسین و لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ و کتێبی ئەم ناوە گەورەیان وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، یان لەسەریان نووسیوە، لەوانە، بۆ نموونە، نووسەرانی وەک: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە چوار کتێبی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی، هەروەها شوان ئەحمەد و چەند نووسەر و وەرگێرێکی تر.

لەگەڵ راگەیاندن و بڵاوبوونەوەی کۆچی دوایی ئارگۆن-یشدا لە میدیاکانی جیهانەوە، میدیای کوردیش بە گشتی هەواڵی ئەم رووداوەی رووماڵ کرد و پێگەی ئارگۆن-ی وەک بیرمەندێکی خاوەن مەعریفەو رۆشنگەر لە فکری ئیسلامی و عەرەبی بەرز نرخاند، ئەمەش کارێکە شایستەی ئەم بیرمەندە نەمرەیە.